## پاڵەوانێتیی مەلەوانیی ماوە درێژ

# کچانی سلێمانی و کوڕانی پێشمەرگەی هەولێر پاڵەوان بوون

لەسەر دەریاچەی دووکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندی مەلەوانی کوردستان و بەچاودێریی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و بەبەشداری ٢٣یانەی شارەکانی کوردستان وزیاتر لە ٧٠ یاریزانی پاڵەوانێتیی ماوە درێژەی یانەکانی کوردستان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی کوڕو کچی بەشداربوو کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد بۆبەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە، لەبارەی بەڕێوەچوونی ئەم پاڵەوانێتییەکەش ڕێبوار عەلی سەرۆکی یەکێتیی مەلەوانیی کوردستان بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: پاڵەوانێتییەکە بۆماوەی یەك ڕۆژ بوو، چونکە یارییەکانی پالاوتنمان نەبوو، بۆیە بۆماوەی یەك ڕۆژمان بەڕێ کرد، لە ئاستی کوڕان بۆ پێشکەوتووان و لاوان بوو بۆ کچانیش بۆئاستی تاك بوو، ئاستی پاڵەوانێتییەکەش بەرز بوو ٢٣یانەی شارەکانی کوردستان بەشداریان کردبوو، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

| ئاستی پێشکەوتوان | ئاستی تاکی کچان | ئاستی لاوان |
| --- | --- | --- |
| ١-پێشمەرگەی هەولێر | ١-ترێ عومەر-سلێمانی | ١-جیهان |
| ٢-دووکان | ٢-چرۆ خالید-سلێمانی | ٢-غازی شیمال |
| ٣-غازی شیمال | ٣-ئەژین کاوە-سیروانی نوێ | ٣-دووکان |



شەونم قادر:

# خەونی چەند ساڵەی من



*** چۆن بوو شەیداییت لەگەڵ وەرزش دروست کرد؟**

- من هەر لە قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانەکانەوە دەستم بە وەرزش کردو زۆریش شەیداییم بۆوەرزش دروست بوو لەگەڵ مامۆستای وانەی وەرزش زۆر هاوڕێ بوو بەردەوام لەگەڵ ئەو بووم لە قوتابخانە، بۆیە ئەم خۆشەویستییەم بۆ ئەو وای لێ کردم ئاشنایەتیم زیاتر بێت لەگەڵ وەرزش کردن.

***چەند جۆرە یاریی وەرزشی ئەنجام دەدەیت؟**

- چونکە من قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیم لە زانکۆی سەلاحەدین بۆیە زیاتر حەزم لە هەموو جۆرە وەرزشەکانە بەڵام زۆرترین وەرزش کە ئەنجامی دەدەم یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و یاریی تۆپی دەستە لەمانە زیاتر نزیکم لە وەرزش کردن.

*** باشتر نییە خۆت بۆیەك یاریی یەکلایی بکەیتەوە و تواناکانی خۆتی تێدا سەرف بکەیت ؟**

- من ئێستا دەتوانم بڵێم تارادەیەك تەنیا یاریی تۆپی دەست ئەنجام دەدەم بۆئەوەی بتوانم بوونی خۆمی لێ بدۆزمەوە.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراویت؟**

- بەڵێ لە ئێستادا بانگێشت کراوم بۆئەوەی یاری لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق بکەم.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێشچوونی ئاستی وەرزش لە کوردستان؟**

- ئەو پرسیارە زۆری دەوێت بەر لە هەموو شتێك نەبوونی شوێن کێشەی سەرەکیی ئێمەیە بۆ شارێکی گەورەی وەکو هەولێر کە پایتەختی کوردستانە و دەبێتە پایتەختی گەشتیاری بەڕاستی زۆر شتێکی غەریبە کە هۆڵێکی نێودەوڵەتی تێدا

# یاری کردنە لە هەڵبژاردەی عێراق

**شــەونم قادر کچــە یاریزانی یانەی ئافرەتانــی هەولێرەو یەکێکــە لە یاریزانە بەتواناکانی یاریی تۆپی دەســت لەســەر ئاستی کوردســتان خاوەنی چەندین ئەنجامی باشــە لەگەڵ یانەکەی، ناوبراو لەدایکبووی ســاڵی ١٩٨٩ی شاری هەولێــرو قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشــییە، جگە لە تۆپی دەســت، یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانیش ئەنجام دەدات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی



فۆتۆ/ ئاسۆمەرزانی

نەبێت کە ناســراو بێت وەکو دەوڵەتانی تر، لە ئێســتادا هەموو گەلانی دنیا بەهۆی وەرزشەوە دەناسرێن و سیمای پێشکەوتنی وڵات بەهــۆی وەرزش بە دیار دەکەوێت، بەڵام لە کوردســتان ئەو شــتانە بەدی ناکرێن تەنیا باڵاخانەکان بەرزدەکرێتەوە،بۆیە پێویســتمان بە گرنگی دانی زیاترە لە گشت ڕوویەکەوە، بوونی ڕاهێنەری لێهاتوو لەکوردســتان لە چاو ئەم پێشکەوتنەی دنیا لەبــواری وەرزش بەخۆیەوە بینیوە کە ئەمەش کێشــەیەکی ترە ئەگەر بێتو لە دەرەوەی وڵات خولــی ڕاهێنەرانیان بۆبکرێتەوە سوودی زۆری دەبێت، هەروەها هاوکاریی خێزان بۆمنداڵەکانیان بۆئەوەی بتوانن سەرکەوتووبن لە بواری وەرزشدا.

*** بەرنامەت چییە بۆداهاتووی خۆت وەکو یاریزانێك؟**

- دەمەوێت وەکــو یاریزانێك ڕاهێنانێکی زۆرتر ئەنجام بدەن و جێگایەکی تایبەتم هەبێــت لە هەڵبژاردەی عێراق ئەوە خەونی چەند ساڵەی منە.

***هەست ناکەی ئاستی وەرزشــی ئافرەتان لە شاری هەولێر وەکو پێویست نییە؟**

- بەڵێ بــە تەئکید نەك تەنیا لە شــاری هەولێر لە هەموو کوردســتان بەو شــێوەیە نیە کە بتوانین بڵێین وەرزشی ئافرەتان پێشکەوتووە.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان؟**

- خاوەن چەندین ئەنجامی باشم و هەوڵیش بۆئەنجامی باشتر دەدەم لە داهاتوودا.

*** چی بەوکچانە دەڵێیت کە لە وەرزش کردن دوورن؟**

- وەرزش زۆر پێویستە بۆهەموو کەسێك جا چ بۆخۆشی بێت یان بۆ ئامانجێکت هەبێت، ئەو کەسانەی تەنیا بۆخۆشی وەرزش ئەنجام دەدەن لەشێکی تەندروست و ساغیان دەبێت و بە دوور دەبن لە هەموو نەخۆشییەك، ئەوانەی کە ئارەزوویەکیان هەیە لە وەرزش بە بۆچوونی من لە خۆشترین ژیاندان.

*** وەرزش چی پێ بەخشــیویت و چی لێ سەندوویەتیەوە؟**

- وەرزش زۆر شــتی پێ بە خشیوم، مانای ژیانی پێ بەخشــیوم، هاوڕێیەتی، وەفاداری، دڵسۆزی، ڕاستگۆیی، ململانێ بۆسەرکەوتن، خۆڕاگری بەرامبەر دۆڕان، زۆر شتی جوان.

*** هیچ یانەیەك پەیوەندی پێوە کردووە بۆیاری کردن؟**

- بەڵــێ چەندین یانە پەیوەندیــان پێوە کردوومە بۆئەوەی یاریيان لەریزی یانەکانیان بکەم، پێشتریش بۆیانەی قــەڵای تورکمانیش یاریم کردووە، بەڵام من هەر حەزم لــە یانەی ئافرەتانی هەولێرە هەر لەگەڵ ئەو یانەش بەردەوام دەبم.

*** کێشەو گرفتتان چییە لەوەرزش کردن؟**

- نەبوونی یاریگا کێشــەیەکی ســەرەکییە بۆئێمەی یاریزانــان کەوا دەکات کاریگەریی هەبێت لەسەر ئاستمان.

*** هیواو ئاواتت لە وەرزش کردن چییە؟**

- هیواو ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێك وەرزشــی کچانی کوردستانەکەم ببینم شان بەشانی وڵاتانی جیهان بن.




# خۆشحاڵیی یاریزانان بە جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای هێڵی گۆڵ لەئینگلتەرا

جێبەجێکردنی پلانی تەکنەلۆژیای هێڵی گۆڵ لە خولی ئینگلتەرا بۆ تۆپی پێ کە بە چاوی باز ناسراوە بۆتە جێی خۆشحاڵی هەموو لایەك بەتایبەت دوای ئەوەی ئەم تەکنەلۆژیایە چووە بواری جێبەجێکردنەوە بەشێوەیەکی پراکتیکی و جێبەجێکردنی بۆیەکەمجار لە یاری قەڵغانی خێرخوازی لەنێوان مان یونایتد و ویگان لە پێش دوو هەفتە، هەروەها لەیاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئینگلتەراو ئوسکتلەندا لەیاریگای ویمبلی لەندەنی پایتەخت لەگەڵ یارییەکانی هەفتەی یەکەمی خولی نایابی ئینگلتەرا. ئەوەی جێی ئاماژەیە لەئێستادا کاردەکرێت بۆ دانان و بەکارهێنانی لەسەرجەم یاریگای هەر بیست تیپە بەشداربووەکەی خولی نایابی ئینگلتەرا، بەمەبەستی دڵنیابوون لە پەڕینەوەی تۆپ لەسەر هێڵی گۆڵ یاخود بەپێچەوانەوە لەهەر یاریەکی خولی ئینگلیزیدا، لای خۆیەوە رۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی لەمانشیتەکی گەورە لەزاری کیڤن دی برۆین نوسیویەتی ئەم تەکنەلۆژیایە بەشێوەیەکی باش کار دەکات. جێگای باسە لەیەکەم یاری یانەی چێلسی و هال ستی ناوبژیوانی یاریکەی ناچاربوو پەنا بەرێتە بەرئەم تەکنەلۆژیایە دوای ئەوەی یاریزانی چێلسی برانسیلاڤ ئیڤانۆڤیچ لەکاتی زیادکراوی یاریەکە بەسەر تۆپێکی ئاراستەی گۆڵی بەرامبەر کردو گۆڵچی هال ستی ماکگریگۆر بەدووجار توانی کۆنترۆڵی بکات، هەروەها لەیاری ئەرسنال و ئەستۆن ڤیلا کە یاریزان فابیان دیلف شوتێکی بەهێزی ئاراستەی گۆڵ کردو بەستوون کەوت ولەسەر هێلی گۆڵ رەت بوو. جێگای ئاماژە پێکردنە جێبەجێکردنی ئەم تەکنەلۆژیایە بەشێوەیەکی فەرمی دواکەوت بۆ وەرزی نوێی ئەمساڵ، هەرچەندە سێ ساڵ لەمەو بەر رووداوی لەمجۆرە روویداو گۆڵێکی دروستی یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا فرانك لامپارد لەجامی جیهانی ٢٠١٠ باشووری ئەفریقیا ئەژمار نەکرا کە لەدووبارەکردنەوەی دیمەنە ڤیدیۆیەکان بەروونی دەردەکەوێت بەتەواوی تۆپەکە هێڵی گۆڵی بڕیوە.

# تیڤێز...راهێنەری یۆڤانتۆس ئەلێکس فیرگسۆنی بیرهێنامەوە

راهێنەری یانەی یۆڤانتۆسی ئیتالی ئەنتۆنیۆ کۆنتی سێر ئەلێکس فێگسۆنی راهێنەری پێشووی بیر هێرشبەری ئەرژەنتینی و یاریزانی تازەی یۆڤانتۆس کارلۆس تیڤێز هێنایەوە، ئەمش دوای ئەوەی تیڤێز لەیەکەم یاری لەگەڵ ئەو یانەیە بەجلی رەش و سپی دەرکەوت و توانیان نازناوی جامی سوپەری ئیتالیا بەدەست بهێنن دوای بردنەوەیان بەچوار گۆڵی بێ بەرامبەر لەیانەی لاتسیۆ. ئەمەو لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی توتو سپۆرت کارلۆس تیڤێز رایگەیاند کونتی لەزۆر لاوە سێر ئەلکیس فێرگسۆنی بیرهێنامەوە لەسەروی هەموویانەوە ئارەزوویەکی زۆر بۆ بردنەوەو هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەی گیانی ئازایەتی لەناخی یاریزان و پێشکەش کردنی ئەوەی لەتوانایەتی لەکاتی یاریکردن. هەروەها تیڤێز وتی زۆر خۆشحاڵم کەسەرەتای دەستپێکردنم لەگەڵ یۆڤانتۆس بەدەست هێنانی نازناوێك بوو، هەروەها زۆر خۆشحاڵیشم کەتوانیم لەم یاریەدا گۆڵێك تۆمار بکەم، بەڵام لەهەمووی گرنگتر لەلای منەوە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزبوو لەلایەن تیپەکەمانەوە. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا ئەو یاریزانە ئەرژەنتینیە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ئەوان لەسەرەتای وەرزی نوێی خولی ئیتالیان و ماوەیەکی زۆریان لەپێشە، بەڵام دوای یاریکردنیان لەگەڵ لاتسیۆ دڵنیایە کە تیپەکەی لەتوانای هەیە پارێزگاری لەنازناوی خولی ئیتاڵیا بکات.





# دیگۆ سیمیۆنی: خولی ئیسپانیا مایەی بێزارییە

راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی دیگۆ سیمیۆنی پێی وایە تیپەکەی ناتوانێت ململانێ لە سەر نازناوی خولی ئیسپانیا بکات بە هۆی بوونی هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ریال مەدرید، سیمیۆنی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆ گوتی: ململانێ لە سەر خولی ئیسپانیا لە نێوان هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە دەمێنیتەوە ئەوەش دەبێتە هوی ئەوەی خولی ئیسپانیا ببێتە مایەی بێزاری.

سیمیۆنی هەروەها گوتی: بێگومان دەمانەوێ ئەنجامی باش بە دەست بێنین و جارێکی دیکە دەگەینە خولی یانەکانی ئەوروپا بەڵام ململانێ لە سەر نازناوی خولی ئیسپانیا پێویستی بە فاکتەری زیاتر هەیە.

شایەنی باسە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە وەرزی رابردوو پلەی سێیەمی لە خولی ئیسپانیا بە دەست هێنا لە گەڵ نازناوی جامی شای ئیسپانیا.

# میسی ئامادەیە بە بێ مووچە یاری بکات

ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیونێل میسی یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و باشترین یاریزانی جیهان لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو ئامادەیی خۆی نیشان دا بە خۆڕایی و بە بێ مووچە یاری بکات چونکە تام و چێژ لە یاری کردن وەردەگرێت.

میسی لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری مەکسیم گووتی: رێکەوت نییە ئێمە وەك یاریزانانی بەرشلونە نەتوانین لە ژیانێکی بەختەوەر بژین، چونکە ئێمە یاریزانی تۆپی پێین نەك ئەستێرەی سینەمایی، ئەگەر مەشق نەکەین یان یاری نەکەین ئەوە دەبێ لە ماڵەوە لە گەڵ خێزانەکانمان دابنیشین. هەروەها میسی هیوای ئەوەی خواست نازناوی زیاتر لە گەڵ یانەی بەرشلۆنە بە دەست بهێنێت و جامی جیهانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بباتەوە.

میسی ستایشی ئاستی یاریزان کریستیانۆ رۆنالدۆی کرد و رایگەیاند کە هەر یەك رۆڵی خۆی لە گەڵ یانەکەی دەبینێت بۆیە ئەو کریستیانۆ بە رکابەری خۆی نازانێت.



میسی دەربارەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی گوتی: من زۆر حەز دەکەم لە گەڵ کوڕەکەم تیاگۆ یاری بکەم، یان هەندێك کاری دیکە ئەنجام دەدەم وەك سەیر کردنی فیلمی سینەمایی هەندێ جاریش یاری پلای ستێشن دەکەم.

# خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێ لە نێوان پێشکەوتن و نەبوونی یاریگا چالاکییەکانی دەست پێ دەکاتەوە

هەفتەی رابردوو لە هەولێر و لە هۆڵی کۆنگرەی رۆژنامەوانیی یانەی هەولێر، تیروپشکی خولەکانی وەرزی نوێی ٢٠١٣-٢٠١٤ی تۆپی پێی کوردستان ئەنجام درا، کە تیایدا تیروپشک بۆ خولەکانی پلەی نایاب و لاوان و تازەپێگەیشتووان و جامی سوپەر و جامی هەرێمی کوردستان و پلە یەك و لاوانی پلە یەك و خولی پلە دووەکانی کوردستان کرا.

**خولی پلە نایابی کوردستان**

لەم خولەدا ١٤ یانە بەشداری دەکات لە وەرزی رابردوو یانەی زێرەڤانی بووە پاڵەوانی خولەکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا و هەردوو یانەی بروسك و سیمێل دابەزینە خولی پلە یەکەکانی و هەردوو یانەی ئالا و نەورۆز سەرکەوتن بۆ نایاب، ئەم خولە بەشێوازی خول بە دوو قۆناغ بەرێوە دەچێت و یارییەکانی هەفتەی یەکەم بەم شێوەیە.

هەڵۆ- دهۆك، شێروانە — هەندرێن، کەرکووك — ئالا، زاخۆ — نەورۆز، هەولێر — ئارارات، پێشمەرگەی هەولێر — زێرەڤانی، پێشمەرگەی سلێمانی - سلێمانی.

یارییەکانی خولی نایاب لە رۆژی ٣-١٠-٢٠١٣ دەستپێدەکات.

**خولی لاوانی پلە نایابەکانی کوردستان**

ئەم خولەش لە ١٤ یانە پێك دێت و خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەم بەمشێوەیە بوو.

خانەقین — برایەتی، زێرەڤانی - کەرکووك، بروسك - پێشمەرگەی سلێمانی، زاخۆ — هەندرێن، سلێمانی — هەولێر، پێشمەرگەی هەولێر — دهۆك، هەڵۆ - شێروانە.

یارییەکانی ئەم خولە لە ٤-١٠-٢٠١٣ دەست پێدەکات

**خولی تازەپێگەیشتووانی پلە نایابەکانی کوردستان**

ئەم خولەش لە ١٤ یانە پێك دێت و خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەم بەمشێوەیە بوو.

بروسك — زێرەڤانی، کەرکووك — هەولێر، جیهان — زاخۆ، ئارارات — هەندرێن، پێشمەرگەی هەولێر — سلێمانی، پێشمەرگەی سلێمانی - دهۆك،شێروانە - گارە.

یارییەکانی ئەم خولە لەگەڵ دەستپێکی قۆناغی دووەمی خولی نایاب دەستپێدەکات.

**جامی سوپەری کوردستان**

بڕیار بوو تیروپشك بۆ ئەو یاریگەیە بکرێت کە بڕیارە یاریی جامی سوپەری کوردستان لەخۆبگرێت، کە هەردوو یانەی زێرەڤانی پاڵەوانی خولی نایابی وەرزی رابردوو و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، پاڵەوانی جامی کوردستان بەیەك دەگەن.

لەسەر پێشنیازی یانەی پێشمەرگەی سلێمانییش، کە داوایان کرد یارییەکە لە یاریگەی ئەواندا بکرێت، نوێنەری یانەی زێرەڤانی رەزامەندی دەربڕی کە یارییەکە ئاساییە لە یاریگەی پێشمەرگەی سلێمانی بێتە ئەنجامدان.

ئەو هەڵوێستەی نوێنەری یانەی زێرەڤانی بووە مایەی چەپڵەڕێزان بۆ یانەی زێرەڤانی، کە بەبێ تیروپشك رازی بوون یاریی جامی سوپەر لە سلێمانی بکرێت.

یاریی جامی سوپەر ئەم وەرزە بۆ یەکەمجارە ئەنجام دەدرێت و لەمەولا ساڵانە لە نێوان پاڵەوانی خولی نایاب و جامی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

ئەم وەرزە یاریی پێشمەرگەی سلێمانی و زێرەڤانی رۆژی ٥-٩-٢٠١٣ ئەنجام دەدرێت.

**جامی هەرێمی کوردستان**

هەمان رۆژ تیروپشکی پاڵەوانییەتیی جامی کوردستان ئەنجام درا، کە لە قۆناغی یەکەمدا یانە پلە یەك و پلە دووەکان بەشداریی تێدا دەکەن و ژمارەیان ٣٤ یانەیە.

ئەنجامی تیروپشکەکە بەو جۆرەیە، کە ئەو تیپەی ناوی لە پێشەوە هاتووە یارییەکە لە یاریگەی ئەودا ئەنجام دەدرێت:

ئاسۆ — بروسك، پیشەسازی - سیروانی نوێ، شەقڵاوە - خانەقین، بەردەڕەش — کۆیە، پێشکەوتن — سەرچنار، خەبات — سیمێل، کفری — دەربەندیخان، سوولاف — برایەتی، رانیە - شەهیدان یاریگەی قەلادزێ، جیهان — سۆران، ئاکرێ — خاك، مەخمور — ئاشتی، سیدسادق- چەمچەماڵ، کەیوان - ئاڵتون کۆپری، دووز - گازی باکوور، گارە - سەوڕە

دووبز و هەڵەبجەی شەهید چاوەڕوانن و راستەوخۆ بۆ قۆناغی داهاتوو سەرکەوتن.

یارییەکانی قۆناغی یەکەم لە ٦-٩-٢٠١٣ ئەنجام دەدرێت و پاشان لە ١٢ی هەمان مانگ قۆناغی دووەم بە بەشداریی یانە نایابەکان ئەنجام دەدرێت.

**خولی پلە یەکی کوردستان**

لە خولی پلە یەکی کوردستان لە وەرزی ئەمساڵدا ١٦ یانە بەشداری تێدا دەکات و یارییەکانیش بەشێوەی خول بە یەك قۆناغ بەرێوە دەچێت و خشتەی هەفتەی یەکەمی یارییەکان بەمشێوەیە.

سەرچنار — خاك، سیروانی نوێ — شەهیدان، بروسك - هەڵەبجەی شەهید، دەربەندیخان — خانەقین، چەمچەماڵ- سەوڕە، ئاڵتون کۆپری — سۆران، برایەتی — کۆیە، ئاشتی — سیمێل.

یارییەکانی خولی پلە یەك لە رۆژی ٧-١٠-٢٠١٣ دەستپێدەکات.

**خولی لاوانی پلە یەك**

لە خولی لاوانی پلە یەکی کوردستان ١٦ یانە بەشداری دەکات و بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کراون و تا ئێستا



راپۆرت / رێبین رەمزی

کاتی دەستپێکردنی خولەکە دەستنیشان نەکراوە.

**کۆمەڵەی یەکەم**

ئاڵتون کۆپری — کۆیە، ئارارات — ئاسۆ، نەورۆز — سێمێڵ، سەرچنار - سیروانی نوێ

**کۆمەڵەی دووەم**

ئالا — گارە، هەڵەبجەی شەهید — دەربەندیخان، خاك — شەهیدان، چەمچەماڵ — پێشکەوتن.

خولی پلە دووی کوردستان

لە خولی پلە دوو-ی کوردستان ١٤ یانە بەشداری دەکات و بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کران، کە تیاییدا کۆمەڵەی یەکەم لە یانەکانی (ئاسۆ، گارە، بەردەڕەش، جیهان، شەقڵاوە، پیشەسازی، خەبات، پێشکەوتن،ئاکرێ ).

کۆمەڵەی دووەم لە یانەکانی (کفری، سۆلاف، دووبز، گازی باکوور، سەید سادق، کەیوان، رانیە، مەخمور، دووز) پێکهاتووە.

خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەم بەمشێوەیە.

کۆمەڵەی یەکەم

ئاسۆ — گارە، بەردەرەش — جیهان، شەقڵاوە — پیشەسازی، خەبات - پێشکەوتن

ئاکرێ چاوەڕووانە.

کۆمەڵەی دووەم

کفری — سۆلاف، دووبز - گازی باکوور، سەید سادق — کەیوان، رانیە - مەخمور

یانەی دووز چاوەڕوانە

یارییەکانی خولی پلە دوو رۆژی ١٥-١٢-٢٠١٣ دەستپێدەکات.

جگە لەم خولانە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان خولی فۆتسال بۆ یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی کچان ئەنجام دەدات و هەروەها خولی پلە سێیەکانی کوردستانیش ئەنجام دەدات ئەوەی تێبینی دەکرێت بە بۆچوونی چاودێرانی وەرزشی ئاستی خولەکانی کوردستان ساڵ بە ساڵ بەرەو پێشکەوتن دەچێت و یانەکان بایەخی زیاتر بە تیپەکانیان دەدەن و رکابەری لە نێو یانەکان روو لە زیادبوون دەکات، بەڵام ئەوەی کە بوویتە هۆی کۆشتنی خولەکە نەگونجانی بەشێك لە یاریگاکانی کوردستان، کە شیاوی یاریکردن نییە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە و هەروەها تا ئێستا کەناڵەکان یارییەکانی ئەم خولەیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەگوازێتەوە بۆیە زۆربەی خەڵکی لە بەهێزی خولەکە بێ بەش دەبن.